www.kurdistannet.org

18:15 2006-12-15بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

کاتی خوێندەوەی هۆنراوەکان بەڕاستی هۆنراوەکەی بەڕێز کاك شاڵاو عەلی بەناوی (پەشیمانم پەشیمانم) ڕایوەستاندمو زۆر سەرنجی ڕاکێشامو زۆر بە دڵم بوو بۆیە حەزم کرد ئەم هۆنراوەیەی وەك وەڵامێك بۆ بنوسم.

بێگومان ئەمە وەڵامێکی ئاساییە بۆ نوسراوێکی ئاسایی هیواخوازم قبوڵی کات.

## به من چی تۆ پەشیمانی؟ ... کانی هەڵەبجەیی




وانەزانی جارێکی دی
باوەڕ بە ووشەکانت کەم
خۆم بکەمە دیلی ئەندێشەو
دەستم بە دڕکی ئەوینت کەلەپچە کەم
وا هەست نەکەی دڵم بێشێ
کاتێ ناوت یان وێنەیەکت نیگا ئەکەم
تازە ڕۆیی ئەو ڕۆژانەی لە فرمێسکا مەلەم ئەکرد
بەسەرچو ئەو شەوانەی چاوم تێیدا بۆت کوێر ئەکرد
ڕۆژانێ بوو تۆ ژینم بووی
هەناسەمو باوەڕم بووی
لەبەر ئەوەی چاوت ڕەش بوو
ڕەشم پۆشی
تەنها لەبەر ئەوەی پێبکەنی
جێمهێشت خۆشی
من تێناگەم
چۆن لە ڕووت دێ بڵێی پەشیمانم
خۆ ئەزانی ئەوەی مرد ناگەڕێتەوە
لە دڵمت ناشت ئیتر چیبکەم لە هاوارت
کاتێ ئەڵێی پەشیمانم
ئەی بیرت چوو ئەو ساتانەی پێم ئەووتی
جێم مەهێڵە، چون دەزانم
بێ من ناژیت، هەر ڕۆژێ دێ بە من بڵێی پەشیمانم
وتم مەڕۆ خوا ئەتگرێت
بەخەت ئەگرن ئاهەکانم
بیرت نایە چەن جار بە دەستی خۆت
کردتە ژێر گڵ هیواکانم؟
یاخود چەن جار منت ئەکوشت
دوای یەك خەندەی سەر لێوانم
بەڵێ وایە شەرمەزاری
حەقی خۆتە گەر بێزاری

یان خەمباری
چۆن دڵت دێ ناوم بێنی
دوای لە سێدارەدانی هەستەكانم
چۆن لە ڕووت بێ چاو هەڵبێنی
بەرامبەری ووشەكانم
ئەوەی تۆ بە منت كرد
خوا ئەیزانێو من ئەیزانم
دونیا هەمووی لێت ببورێ
خواوەند خۆشی گوێت بۆ ڕاگرێ
من ناتبورم.... من ناتبەخشم
ئەو عەشقەی تۆ باسی ئەكەی
دەستی خۆت بوو كە سوتانی
ئەی بێ وەفا باشتر وایە من لە بیر كەی
سودی نییە پەشیمانی
تازە ڕۆیی ڕۆژانی زوو
ئێستا چەنێ هاواریش كەی
بڵێی پەشیمانم
تەنها دەڵێم
بە من چی تۆ پەشیمانی؟

هۆڵندا
Kani_awin@hotmail. com